# ئەو ئافرەتە فەیلی و ئاشوریانە کە بە زۆر کۆچیان پێکرا

**نووسینی : د. کاترین میخائیل**
**و : ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**



رژێمی لە ناو چوو یەکەمین تاوانی بە کۆمەڵی، کۆچ پێکردنی کوردە فەیلییەکان بوو، لە هەشتایەکاندا کە خێزان و منداڵەکانیان کە بە شێوەیەکی درندانە لە ناو زیلە سەربازییەکاندا ئاژەڵ ئاسا لە سەریەک کەڵەکە کران و لەسەر سنووری عێراق وئێراندا برسی و سەرگەردان بەرەڵڵا کران دوای ئەوەی بەڵگە نامەکانیان لێ زەوت کردن بە بیانووی ئەوەی (تەبەعە) ی ئێرانین، کەچی ئەو خێزانانە لە باب و باپیرەوە عێراقین ولەسەر ئەم خاکە لە دایک بوون و تیایدا گەورە بوون و گوزەرانیان بەسەر بردووە.

لەم کردارە دڕندانەیەدا ئافرەت یەکەم قوربانی بوو. وا پێنج ساڵە رژێم رووخاوە کەچی تا ئەمڕۆ ئەوقوربانیانە لە ناخۆشترین بارودوخدا لە ژێر چادردا دەژین هەندێکیان لەو بارە نا ئاساییەدا دەرچوون دوای بژێوی کەوتوون ..

ئەوانەی ماونەتەوە، هەرچەند لەو بارودۆخە نا ئاساییەدا رۆژگار بەسەر دەبەن کەچی هێشتا نیشتمانیان لە بەرچاوەو خۆشیان دەوێ و بە پەرۆشەوەن بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان و باوەشی کەس و کاریان.

ئێستا هەندێ لە ئازاری ئەو ئافرەتە فەیلی و ئاشوریانە دەخەمە بەرچاو کە تائێستا لەوێ ماون و بەتەمای گەڕانەوەن. بە داخەوە ژمارەی تەواوی ئەو ئافرەتە فەیلی و ئاشوریانەم لەلانییە تا بیخەمە پێش چاوی کاربەدەستانی عێراق تا هەولێکیان بۆ بدەن. بەڵام بەڵگەنامەیەکی مێژوویم پێیە سەبارەت بەو جەورەی رژێم دەرهەقی ئەو ئافرەتانە کردوویەتی. بەکوشتن و هەڵواسین و دوور خستنەوەی بەزۆر دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە بەڵکو ویستوویەکی ژیانی خێزانیان هەڵوەشێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین بریار و یاسای ناڕەوای دەرکردووە دژی دایک و ئافرەتی عێراقی ئەمەش دەقی و بریارەیە کە لەلایەن دکتاتۆرەوە دەرچووە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**مجلس قيادة الثورة**

**قرار رقم ٤٧٤**

استناداً الى احكام الفقرة(أ) من المادة الثانية والاربعين من دستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقد بتاريخ ١٥/٤/ ١٩٨١ مايلي:

١- يصرف للزوج العراقي المتزوج من التبعية الايرانية مبلغ قدره اربعة آلاف دينار اذا كان عسكرياً وألفان وخمسمائة دينار اذا كان مدنياً في حالة طلاق زوجته او في حالة تسفيرها الى خارج القطر.

٢- يشترط في منح المبلغ المشار اليه في الفقرة(١) من هذا القرار ثبوت حالة الطلاق او التسفير بتأييد من الجهات الرسمية المختصة واجراء عقد زواج جديد من عراقية.

٣- يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار.

**صدام حسين**

**رئيس مجلس قيادة الثورة**

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئە ئافرەتانە چییان لەم حکومەتەی ئێستا دەوێ یا لە حکومەتی هەرێم:

١- لە ئەنجامی ئەم کوچ پێکردانەدا، ئاشکرایە منداڵانی ئەو ئافرەتانە بەرە بەرە لە زمانی دایک دوور دەکەونەوە، ئێستا لە تەمەنێکدان لە وانەیە تێکەڵی خێزانی تر بن، رەنگە ئێستا تارادەیەک ئاسایی بێ بەڵام بەتێپەڕ بوونی ساڵان منداڵ و نەوەکانیان لە کۆمەڵگایەکی جیاواز گەورەدەبن، زمان و نەریتی ئەوان وەردەگرن بەرەبەرە لە نێو خێزانی ئەو کۆمەڵەدا دەتوێنەوە، کە نەخێزانێکی کوردییە نە عێراقیە، بۆیە دەبێ بوارێکیان بۆ برەخسێنرێ تا ئەو خێزانە فەیلی و ئاشورییانە بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە. چونکی ئەوانە سامانێکن بۆ ئەم وڵاتە..

٢- گەڕانەوەی دەرکراوە سیاسیەکان لە فەرمانبەرانی کوردی فەیلی و ئاشوری و ماوەیان بدرێ خوێندنەکانیان لە پەیمانگاو و زانکۆکانی عێراق تەواو بکەن بێ گوێدانە تەمەنیان .

٣- ئەو ئافرەتانە پێویستیان بە ئاگاداری باری کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە، لەم لایەنانەوە بەتەواوی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

# ڕۆڵی مامۆستایانی عەنکاوا لە مێژووی کاری پیشەیی وبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان

**سەباح شامایا**

مامۆستایانی کوردستان بەگشت توێژوچین ونەتەوە وئایینەکانەوە چرایەکی گەش بوون ولەسەنگەری پێشەوەی تێکوشاندا بوونە، جێ ی شانازی گەلەکەمانن کە لە رۆژە سەختەکانەوە پێشمەرگەی چەک وپەروەردە و فێرکردن بوون، وەلە هیچ کاتێکدا درێغییان نەکردووە بەوپەری لێبووردیانە کارەکانیان ئەنجام داوە بەتایبەتی پاش راپەرینی گەلی کوردستان وەک نموونەیەکی زیندوو نەیا نەهێشتووە قوتابخانەکان دابخرێن بۆیە گەلی کوردستان بەهەموو چین وتوێژەوە قەرزداری مامۆستایانی کوردستانە.

من لەم چەند دێرەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەر ڕۆڵی مامۆستایانی شارۆچکەکەمان عەنکاوا، بەو پەری دلسۆزیانە ڕۆڵی سەرەکییان نواند هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە لە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانە ساڵی ١٩٢١ وتاکو ئەم ساتەیە، کۆلیان داوە لە بواری پەروەردەو فێرکردن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندن زوانیاری وفێرکردنی لەبەشی هەرە زۆری دێهات وشارو شارۆچکەکانی کوردستان. هەمیشە لە ریزی پێشەوەی پارت و کۆمەلە و سیاسییەکاندا ڕۆڵی شایستە وکاریگەرو مێژوویی خۆیان بینیوەو ئەرکە پیرۆزەکانیان بە جێهێناوە و بەشداری شۆرشە پیرۆزەکانی گەلی کوردستان یان کردووە، بەدوو چەک هەردوو سەنگەریان گرتووە وەک مامۆستا و پێشمەرگە تفەنگ وقەلەم بوونەتە هێمای سەربەستی و رزگاری. هەروەها ژمارەیەکی زۆریان دەسگیرکراون وخراونەتە بەندیخانە کانی رژێمە گۆرەکانی سەردەمی پادشایەتی وسەدامی ئاشکەنجەدراون و هەندێکیان حوکمی سێدارە دانی بەسەریاندا جێبە جێکراوە و چوونەتە کاروانی نەمر و سەروەانەوە. بە پێویستم زانی چەند مامۆستایەکی کۆچکورد لەم لا پەرەدا تۆمار بکەم لە یادمان بمینێتەوە کە دەروی سەرەکییان هەبوون لە بواری پەروەردەو فێرکردن لە رۆژگاری سەختی پێشوودا وەک:

مامۆستا : قەشە عبد الاحد کوندا یەکەم بەرێوەبەری قوتابخانە لە عەنکاوا ساڵی ١٩٢١، لوقا دمیانوس کاکا مەتی عەودیش عەسکر، عبدولئەحەد ئوغستین، عبدولئەحەد عودیش، بویا موشی سیاوش، سارا فەرەنسی شەقلاوی، حانی بویا، فەریدە تۆما عەلیبەک، حەننا ویردینا حوسەینی، مەرقەس بەترۆس جمعە، بویا شابا رەواندزی، سلیوا بویا کوندا، جورج بویا کوندا، مەنسوور مەربین نەباتی، شەمعون هورمز، شەمعون مەنسوور، یوسف گوگا .. هتد داوای لێبورن لەکەس و کاروخانەوادەی مامۆستایانی کۆچ کردوو دەکەم ناویان لەم بابەتە تۆمار نەکراوە لە بەرزۆری ژمارەیان. هەروەها سوپاس وپێزانینی خۆم دەردەبرم بۆ ئەو مامۆستایانەی بەتەمەن ولەژیان ماون وخانەنشین کراون هیوای تەمەن درێژی بۆیان دەخوازم وەک: مامۆستا حەننا عەبدلئەحەد گلیانا، بەتروس گۆرگیس تۆما، پۆلس گۆرگیس بەیتون، حەننا عبدولئەحەد بەهنام، بەهنام پۆلس، یوسف فەرەنسیس. هتد

لەو مامۆستایانەی دەسگیرکراون ولە سێدارە دراون، مامۆستای شەهید عەبدولئەحەد فەرەنسیس مالح کە لە دوای کودەتای (٨)ی شوبات ١٩٦٣ لە گەل کۆمەلێک لە هاورێکانی لە شاری بەغدا دەسگیر دەگرێن ودەخرێنە زیندانە تارکەکانی رژێمی بۆگەن و لەئەنجامی ئەشکەنجەو ئازار لە بەندیخانە شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە وگیانی پاکی دەبەخشێت .

مامۆستا حەننا عەزیز سلێوا چەندین جارگیراوە و ئەشکەنجەکراوە ساڵی ١٩٨٠ لە کاتی دەوامی قوتابخانە رفێندراوە وشوبزرکراوە وبێ سەروشوێنە و تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە و گەیشتە کاروانی نەمران و گیانی پاکی بەخشی .

هەروەها مامۆستا مونیر یەعقوب مەرقس، ساڵی ١٩٦٣ وەک مامۆستا وپێشمەرگە چەکی شەرەفی و مەردانی دەکاتە شان، ساڵی ١٩٨٠ لە شاری بەغدا دەسگیر دەگرێت لە ١٩٨٢/٨/١١ حوکمی لە سێدارە دانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و دەچێتە کاروانی نەمران هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستایانی شەهیدان عەبدولئەحەد، و حەننا و مونیر. وگشت مامۆستایانی وعیراق وکوردستان..













# ووشەی فەرهەنگ وهەنبانە بۆرینەکانی پاراو کرد

**دەلال صلیوا**



زۆر لە مێژ نی یە دۆستێکم بینی لە یەک لە شۆ ستەکانی بازار، دیار بوو زۆر بێزاروو تورەو تەنگاوو بوو، لێ ی نزیک بو مەوە دوای چاک و چۆنی لێم پرسی ئەمە چی تە؟! زۆر نارەحەت دیاری؟! دیار بوو کابرا هێشتا هەوای دەرەوەی بەلوو تەوە مابوو

ووتی : زۆر شوێن و جێگام کردوە وەک ئەم وولاتەی ئێمە بێ سەرو بەرم نە دیوە. نەکارەبات کارەبایە نە نەوت نە بەنزین نە غاز نەبایەع نە.. نەقسە کردنت لەگەڵ خەڵک.

زۆر سەیرە وولاتەکەی ئێمە بیلامانا نەعلە و پێلاو لە ناو جامخانەکان دانراون و بریقەیان لێوە دێ و گۆشت و پەنیرو ژاژی و . خراونەتە بەردەمی دوکانەکان و بە بەبێ سەر پۆشین هەزارەها مێش و مەگەز ووژەیان دێ. ئێ خۆ ئەگەر خوانە خواستە تووشی نەخۆشی یەک بێن وەلا گوناحی ئەمریکای تێدایە! ئێ کاکی خۆم بەسە بەبیانگە و بیانوو بن. ئەی باشە پێم ناڵێ ی کارەبا کەمان چی چ لێ هات چی بەسەر هاتووە خۆ خوانە خواستە تووشی ئەفلونزای هین نەبووە یادەنگە لە پیشووە!!. یارەنگە لە ژێر دراسە بێ وەک مەسە لەکەی (١٤٠)؟، ئەی بۆ ناڵێ ی بەم شەوانە لە کە ناڵی هین بە ڕاستەوخۆ دەڵێ ئەمەندە پرۆژەمان ئەنجام داوە و شانی واو بالێ وا!!!

بە قسەکانی میللەتی قەردار بارکرد، کاکی خۆم تاکەی کارەبامان بە ووزەی ئاو بێت ئەی ئەگەر خوا دەرگای لێ داخستین و باران نەباری دەبێ دەست لە ئەژنۆ لە تاریکە شەوی بەرامبەر بە ترپە ترپی فانوس دانیشین! دەڕوحمێ بەم خەڵکە بەستەزمانە بەخوا گەرکارەبا هەبێ نەوت وغازمان وەبیرنایە بەڵام (زگی تێر ئاگای لە برسی نی یە) .

لەم قسانە بووین خەریک بوو لە هێلی پەرینەوە (خط العبور) بپەرینەوە بەبێ شەرمانە لە پێش چاوی کاکی مرور سەیارەیەکی مۆنیکای جام ڕەش دیار بوو کوڕی هین بوو توند لێ ی داو ڕۆیی خۆ کاکی مرۆریش ناوێرێ قسەیان لە گەڵ بکا!! منیش پێم ووت ئەمە چیت بینیوە ئەی ئەم هەموو گەندەڵی یە؟!! کاکی برادەو دیار بوو گوێ ی لەم ووشەیە نەببوو گە ندەڵی؟!! یەعنی چی؟ دەک ماڵت ئاوە دان بێ خەریکە زمانەکەشت لە بیر چێ! دەبرۆ هەموو فەرهەنگ و هەنبانە بورینەکان بخوێنەوە بەرامبەر بە ووشەی گەندەڵی زیاتر لە. مانات دەداتێ دەڵێ ی کاکی خۆم هێشتا هەوای هەندەران بەلووتەوە ماوە؟؟!!